# دڵ شکانی پەنجەرەکان

ئیسماعیل خورماڵی



هەنووکە من

غەورم

لە خەرمەنی باران و دڵۆپەدا !

غەورم

لە نیو گەڵا و

قەومە زەردەکانی پایزدا

غەوری ڕنگم و

لە ڕاکشانی بارانێ وێڵم

لەئەنگۆرەی ئیوارەیەک دەگەڕێم

بایەک هەڵکا و

لە چیمەنی ئەم سوبحە دا

دڵۆپەیەکی عەیار بمفڕێنێ و

بمدا بە بێستوونی شەبەقێکدا

لێ شەبەقێ

وەک سەرسنگی کچەکانی ووڵات

ژیان لە باران و ، مردن لە باران و

هەوام لە باران پێ بەخشێ !

وەرە ئەی یار

با بەر قاپی ، لەو هەسارە خومارانە بگرین

لەو تریفانە بنۆڕین

لە عاشورای زەمانێکدا

زنجیر لە پشتی نێرگز دەدەن و

سەر بۆ خوین و

سەر بۆ عەیام

سەر بۆ دۆڕانی عیشق نەوی ناکەن !

وەرە ئەی یار

تۆ بارانت بەو گوڵانە بەخشە

لە خوێندنەوەی باران و شیعر تێر نابن

لە خویندنەوەی دڵ شکانی پەنجەرەکان تێر نابن

لە خویندنەوەی تەپ وتۆزی سوارە سپیەکان تێر نابن

لە خوێندنەوە و

لە مێژوونامەی جریوە وەڕس نابن !

وەرە ئەی یار

هەتا هاوسێی ئەم پایزەین

با بە کۆتابێ ئەم جەنگە

من نیشتیمانی ئەم سەرە بچکۆلەی خۆم

بە یەک نمە ئاونگی لەشت دەبەخشم و

هەموو عومرم لە هەڵاژانێکدا هەڕاج دەکەم

هەڵاژانێ ، ئاشت بوونەوەی جەننەت وجەهەنەم بێ

هەڵاژانێ ،هەمووگیانمان پڕکات لە خوڕەمی سێوەکان

هەڵاژانێ بە هەڵاژانی باران چێ

ووتت چی ئەی یار ، وەرە با ئاشت بینەوە

با بۆ ئەبەدییەت ، دییەمان

لە تەواشای وێنەکاندا وورد کەینەوە

وەرە ئەی یار خوڕەمت بێ و

ڕەحمی شعرێ لە دڵتا بێ !

زستانی 2005ئەڵمانیا